کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
13-7-2007 0:57بەکاتی ناوەندی ئەورووپا

**ئاریا ئەو درامایەی بە زۆر کردیان بە قارەمان... جەمال پوورکەریم**

ڕاگرتنی درامای ئاریا کە لە کەناڵی ئاسمانی کوردسات و تەلەڤزیۆنی خاك بڵاو دەکرایەوە، لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا بووە باسی سەرەکی ڕۆژنامەکان و گۆڤارەکان و لەناو هاووڵاتیاندا دەنگ و باسی جیاوازی لەسەر دروست بوو، سیناریۆی ئەم درامایە لەلایەن ئەحمەد ڕەزاوە نوسراوە و هادی مەهدی کاری دەرهێنانی بۆ کردووە، کوردسات بۆتە لایەنی بەرهەم هێنەر و مەسروفاتێکی زۆری تێدا کردووە، بیرۆکەی ئەم بەرهەمە لەلایەن هادی مەهدی بووە و پاشان داویەتی بە ئەحمەد ڕەزا، بۆ نووسینی سیناریۆکەی. لەسەرجەم وڵاتانی دونیا کاتێك بەرهەمێك بۆ لایەنێك ئامادە دەکرێ، لایەنی بەرهەم هێنەر سەرەتا لەلایەن لیژنەیەکەوە سیناریۆکە دەخوێندرێتەوە و هەڵ دەسەنگێنیدرێ و بۆ پەسەند کردن یان پەسەند نەکردنی، پاشان بودجەی بۆ تەرخان دەکرێ و دەست دەکرێت بە وێنە گرتن و پاشان مۆنتاژ، دوای تەواو بوونی مۆنتاژ سەر لەنوێ لایەنی بەرهەم هێنەر لەلایەن لیژنەیەکی شارەزا (لەبواری دەرهێنان – سیناریۆ – مۆسیقا – دەق – مۆنتاژ و کارە هونەریەکان) بۆ هەڵسەنگاندنی دادەنشینەوە و بەرهەمەکە تاوتوێ دەکەن کە ئایا پەسەندە یان نا! ئەوەی لێرەدا دێتە ئاراوە، چەند پرسیارێکە لە کەناڵی کوردسات و بەرپرسان: 1- ئایا کەناڵی کوردسات بێ ئەوەی سیناریۆکە لەلایەن لیژنەوە هەڵسەنگێنێ ئیجازە و بودجەی کارکردنی بەم ستافە داوە؟ 2- ئایا کەناڵی کوردسات پاش ئەوەی وێنەگرتن و مۆنتاژ تەواو بووە لیژنەیەکی داناوە بۆ چاولێکردن و هەڵسەنگاندنی لەسەرجەم بوارەکاندا؟ 3- ئایا ستراتیژی و هەڵوێست و پرۆگرام و بەرنامەی کوردسات تاوەکوو ئێستا کە نزیکەی هەشت ساڵە دامەزراوە دیاری کراوە؟ 4- ئایا لیژنەی کوردسات کەسانێکن کە شایانی ئەوە بن کە بەرهەمەکان هەڵسەنگێنن؟ ئەگەر وەڵامی کوردسات بۆ هەموو ئەو پرسیارانە نەخێرە، دەڵێم کەوابوو کوردسات نەدەبوو پێش ئەوەی لیژنە دابمەزرێنێ و ستراتیژی خۆی دیاری بکات دەست بکات بە پەخشی بەرنامەکانی لەسەرەتای دامەزراندنەوە و ئەگەر وەڵامی کوردسات بەڵێ یە کەوایە کاتی سیناریۆ لەلایەن لیژنەوە پەسەند کراوە و پاش وێنەگرتنیش دووبارە پەسەند کراوەتەوە، دیارە ستراتیژی کوردسات لەبەر چاو گیراوە و دراماکە گرفتی نەبووە، بەڵام بۆچی دوای بڵاوبوونەوەی پێنج ئەڵقە ڕادەگیرێ جێگەی سەرسوڕمانە!؟ (ئایا تۆ بڵێی ستراتیژی کەناڵی کوردسات لەماوەی ئەم پێنج ڕۆژەدا گۆڕابێ؟ پێم وانییە!) لێرەدا ئەوە دەردەکەوێ کە ستراتیژی کوردسات لەدەست خۆیدا نییە و بەڵکوو لەدەست چەند مەلا و مەسئوولێك دایە، دوور نییە لەناو کوردساتیشدا بەهۆی گەندەڵی ناوخۆیی هەر کەسە و بۆخۆی بڕیارێك دەردەکات (بۆ وێنە لە یادی ڕاپەڕین بەرنامەیەکی ئەرشیفی بڵاو کرایەوە کە لەوێدا 3-4 وەك ڕۆژی ڕاپەڕین ناوبرا، پاش ئەوەی خەڵك لە ڕانیە ناڕەزایی دەربڕی، کوردسات داوای لێبوردنی لە خەڵك کرد، بەڵام دیسان پاش داوای لێبوردنەکە هەمان بەرنامە دوبارە بۆوە، بەڕاستی دەڵێم ئەوە چەندی بە چەندی؟) وای بە حاڵی ئەم میللەتە کە دەیهەوێ لە ڕاگەیاندنێکەوە فێری پێشکەوتن و زانست و بەرنامە و پلان بێت کە ئێستا خۆی بۆخۆی پلان و بەرنامە و ستراتیژی دیاری نەکردووە – لیژنەیەکی وەهای داناوە کە بە ڕاشکاوی دەتوانم بڵێم لە بواری هونەر و دەرهێنان و داهێناندا هەڕەی لە بڕەی ناکاتەوە و تاوەکوو ئێستاش نازانن هونەر چی یە و هونەرمەند کێ یە، سەیرتر لەهەموو ئەوانە کوردسات لەسەدەی 21 دا مەسەلەی سلێمانی چیەتی و ناوچە گەرایی پێوە دیارە، ئەگەر بەرهەمێك لە سلێمانی کرابوو ئەوە لیژنەی ناوێت، چونکە پەسند کراوە، بەڵام ئەگەر باشترین بەرهەم پێشکەش بە کوردسات بکەی کە دوور بو لە ناوچەی سلێمانی پێویستە کەسی بەرهەم هێنەر پێش ئەوەی لیژنە پێی بڵێ پەسەند نییە بۆخۆی بڵێ کاکە پەسەندنییەکەم بدەنێ با بڕۆم، (ئیدی ناشنووسم ئاخر بۆچی پەسەند نییە؟) بۆ ئەم قسانە بەڵگەم زۆر لەبەر دەست دایە، بەهەر حاڵ

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

که ئەم شتانە باس دەکەم نامەوێ پشتیوانی خۆم دەرببڕم و درامای ئاریا بە باش و بێ کەم و کوڕی بزانم، بەڵکو دەڵێم ئاریا هەر عەیبە کە پێشی بگوترێت دراما، چونکە لە بواری وێنەگرتن، دەرهێنان و مۆنتاژ بە سەدان هەڵە تەنها لەم پێنج ئەڵقەیەی دا بەدی دەکرا و لە بواری هونەری کارێکی زۆر لاواز بوو، ئەوە بۆخۆی سەلماندی کە لیژنەی کوردسات تا چەند شارەزا و لێهاتوون؟؟!! لە بواری ناوەڕۆك و دەقەوە دەقێکی نوێ و واقیعی ناو کۆمەڵگەی ئەمڕۆی کوردی بوو (گەندەڵی – نەخوێندەواری زۆربەی مەلاکان – نا هۆشیاری خەڵك بەرامبەر بە تیرۆرستان و... ) گەندەڵی ئەو دیاردە دزێوەیە کە هەموومان بە چاوی خۆمان دیتوومانە و ڕۆژانە لە دەوروبەرمان پیاسە دەکات کە لە دراماکەدا خۆی نواندبوو، ڕەنگە یەکێك بوبێ لە هۆیەکانی ڕاگرتنی دراماکە، نەخوێندەواری زۆربەی مەلاکان هەر لەو نارەزایی دەربڕینەدا دەردەکەوێ کە بەرامبەر بەم درامایە کردیان، چونکە بۆ لایەنێك ئەگەر ورد لێی بڕوانین، ئەم درامایە خزمەت بوو بە ئایین و ئیسلامیەتی، (چونکە لەم درامایەدا سیامەند کەسێکە دژ گەندەڵ بوو، کاتێ مەلاکە دەگرێ وێنەی لەسەر ئایەتی قورئان بۆ دێنێتەوە، کەوابوو لەم درامایەدا ئیسلامیەکان بە دژە گەندەڵ نیشان دراون، ئەوەش خۆی خزمەتێکە بە ئاینی ئیسلام) ، بەڵام نەخوێندەواری تاقمێ لە مەلاکان وای کرد دراماکە ڕابگیرێ کە پێیان وابوو چونکە ئەم مەلایە بە کەسێکی خراپ نیشان دراوە، ئەوە دژی موقەدەساتی ئیسلامە، لە حاڵێکدا باش دەزانین کە مەلاش مرۆڤە و مەلای چاك و مەلای خراپ لە هەموو شوێنێك هەیە و مەلای خاوەن هەڵە و ساختەچی گەلێك زۆرن، مەلای باشیش کە زۆربەی شۆڕشە کوردیەکان لەوانەوە سەری هەڵداوە کەم نین (چەم بێ چەقەڵ نابێ) ، نا هۆشیاری خەڵکیش بەرامبەر بە تیرۆرستان وای کردووە کە تیرۆرستان بە سانایی لەناوماندا ڕەخنە بکەن و بە هۆی سادە و ساکاریمانەوە بێنە ناومان و ببنە خزم و کەس و برامان، کە ئەوەش بەشێك بوو لە دەقی دراماکەو، بەشی تاڕادەیەك بەهێزی دراماکە بوو لە بنەڕەتدا، پەسند کردنی لەلایەن لیژنەی کوردساتەوە هەڵەیەکی گەورە بوو، ڕاگرتنەکەشی هەر بەهەمان شێوە (بە قەولی کورد گوتەنی سوار بوون عەیبێك و دابەزین عەیبێکی تر) لەهەندێك لە وڵاتانی دیکتاتۆر و نا دێموکراسی بۆ وێنە لە کۆماری ئیسلامی ئێران ئەگەر ڕژێم بیهەوێ کەسێك لە هەڵبژاردنێکدا سەربکەوێ، ئەوا چەند جارێك ئازار وئەشکەنجەی دەدات، یان بۆ چەند ڕۆژێك زیندانی دەکات، خەڵکیش لەبەر ئەوەی دژی ڕژێمن دەنگی خۆیان دەدەن بەو کەسەی کە ڕژێم لە سجنی کردووە و پاشان ئازادی کردووە، بەم شێوەیە هەم خەڵك وا دەزانن کە دەنگیان داوە بە کەسێکی شیاو و هەم ڕژێم دەگاتە ئامانجەکەی کە دەنگدانە بەم کەسە، تۆ بڵێی ڕاگرتنی ئەم درامایەش بۆ ئەوە نەبوبێ کە لەخۆڕا گەورەی بکەنەوە و بیکەن بە قارەمان و ئەفسانە، ئەگینا ئەگەر لە کوردستان 10 مەلا لێی ناڕازین خۆ سەدان خەڵك هەبوون کە لێی ڕازیبوون، ئەگەر وڵاتیش دێموکراتییە بە پێی دەنگدان زۆرینە کام لایە با بە قسەی ئەو بکرێت، (چونکە لیژنەکەی کوردسات خۆی توانای بڕیاری نەماوە و هەردوو بڕیاری پەسەندە و پەسەند نییەی داناوە، کەوابو هیچ بڕیارێك نەماوە بیدات) لە کۆتایدا دەڵێم ئاریام لا پەسەند نەبوو، بەڵام ڕاگرتنی بەمانای زەوت کردنی بیر و ڕا و قەڵەم و هونەر دێت، و لە داهاتوودا دەبێت چاوەڕێی ئەوە بکەین کە دەرهێنەران و ڕۆشنبیران و قەڵەم بەدەستان پێویستە بچنە بەر دەرکی تەکیە و خانەقاکان بۆ وەرگرتنی ئیجازە و پەسند کردن یان نەکردنی بەرهەمەکانیان و بێ ئیمزای شێخ و مەلا هیچ کارێکی ئەدەبی و هونەری نابێ بڵاو بکرێتەوە.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.